سەرۆک کۆمار چاوی بە قەداستی پاپا کەوت



نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار رایگەیاند"د.لەتیف جەمال رەشید سەرۆک کۆمار و خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەم، ئەمڕۆ شەممە،لە قاتیکان چاویان بە قەداستی پاپا فرەنسیس پاپای قاتیکان کەوت". لەسەرەتای دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار سوپاسی قەداستی پاپای کرد بۆ سەردانیکردنی عیراق و جەختی لەوە کردەوە، کە عیراقییەکان بە خۆشویستی و شانازییەوە ئەو سەردانە یاد دەکەنەوە، کە چەمکەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و قوڵی پەیوەندییەکانی نێوان ئایینەکانی ناوخۆ و دەرەوەی عیراق لەخۆدەگرێت. سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوەدا، کە ناوچەکەمان پێویستی بە پەرەپێدانی بنەماکانی برایەتی و لێبوردەیی هەیە، هاوکات جەختی لە بایەخی هەوڵە هاوبەشەکان کردەوە بۆ بەرەودان بە بنەماکانی دیالۆگ و هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوان گەلان، هەروەها بانگهێشتکردن و نوێژ و پێیامە گشتییەکانی قاتیکان کاریگەرییەکی مەعنەویان هەیە لە ئارامی و دیالۆگ و بەرجەستەکردنی لێکتێگەیشتن. بەڕێزیان رایگەیاند، عیراق هەنگاوی گەورەی ناوە لە هەنانکایەی ئاسایش و سەقامگیری سیاسی و کارە لە پێشینەکانی ئەمڕۆمان بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی ئاستی بژێویی هاوواڵتیان و ئامادەکردنەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەپێدانی ئابووری بە بەدیهێنانی گەشەسەندنەکی فراوان. سەرۆک کۆمار جەختی لەوەش کردەوە، عیراق بە پەرەش بە بەرەوپێشبردنی

دیموکراسی و فرەیی و ڕزگرتن لە ماف و ئازادییەکان. هەروەک ئاماژەی بۆکرد، کە پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان باش و ویستەکی هاوبەش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بگوڕێی دەستور و یاسا. سەرەک کۆمار باسیشی لە بارودۆخی کریستیانەکان کرد و جەختی لەوە کردەوە، کە پەکهاتەیەکی سەرەکین لە بونیادنانی وڵاتدا و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییەکەی، هەروەها حکومەتیش بەپەرۆشە بۆ گەڕانەوەی ئاوارە مەسیحی و ئێزدی و پەکهاتەکانی دیکە بۆ ناوچەکانیان و یەکلاکردنەوەی ئەو دۆسیە مرۆییە لە ڕێی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانەکی شیاو بۆیان و پاراستنی بونی مەسیحییەکان و فرەیی لە وڵاتدا. سەرەک کۆمار ئاماژەی بۆە کرد، کە دەرگاکانی سەرەکایەتی کۆمار کراوەن لەبەردەم مەسیحییەکان بۆ بەدینگەوەچونی داواکاری و بابەتەکانیان، بۆ شێوەیەک کە بژاوی و سەقامگیرییان مسۆگەربکات. هەروەک سەرەک کۆمار باسی لێوەکرد، کە عیراق پێیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان. هەروەها باسی لە بارودۆخی فەڵەستین و غەزە کرد و ئاماژەی بۆدا، کە عیراق بەتوندی پشتگیریکاریەکان و هەرشە بردەوامەکانی دژ بە فەڵەستینیەکان سەرکۆنە دەکات و داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەکات هەوڵی زیاتر بدات بۆ ڕاگرتنی هەرشەکان و پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی و مسۆگەرکردنی گەیشتنی هاوکارییە مرۆییەکان. لەبەرامبەردا، قەداستی پاپا پشوازی لە سەردانەکەی سەرەک کۆمار کرد و جەختی لە پشتیوانی ڤاتیکان کردەوە بۆ هەوڵەکانی عیراق لە بەهێزکردنی پێیوەندییەکانی نێوان ئایین و پەکهاتەکاندا. هەروەها ئاماژەی بۆ ڕۆڵی پەکهاتەی مەسیحی کرد لە بردوان بۆ هاوئاهەنگی و هاوکاری و قوربانیدانیان لەپێناو عیراقەکی گەشکەردو پێشکەوتو و پابەندبوونیان بۆ ناسنامەی نیشتمانییەوە. هەروەها قەداستی پاپا جەختی لە بایەخی بەهێزکردنی هەڵی ئاشتی لە جیهاندا کردەوە، چونکە جەنگەکان مانای شکستن. دواتر لە نێوان سەرەک کۆمار و قەداستی پاپا دیاری ئاوگەڵە کرا.